پاسەوانیکردن (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە دونیا وئەوەی لەسەریدایە

لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پاسەوانیکردن (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە دونیا وئەوەی لەسەریدایە، وشوێنی قامچی یەکێکتان لە بەهەشتدا خێرترە لە دونیا وئەوەی لەسەریدایە، ودەرچوونێکی بەندە لە بەیانیان وئێواراندا (بۆ جیهاد وتێکۆشان) لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە دونیا وئەوەی لەسەریدایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە مانەوە ئەگەر تەنها بۆ ڕۆژێکیش بێت لە سنووری نێوان مسوڵمانان وکافرەکان بۆ پاسەوانیکردنی مسوڵمانان لەپێناوی خوای گەورە؛ ئەم کردەوەیە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە، وشوێنی قامچیەك لە بەهەشتدا کە لە جیهاددا بەکاردەهێنرێت؛ خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە، وپاداشتی ڕێکردن لە سەرەتای ڕۆژدا هەتاوەکو نیوەڕۆ وڕێکردن لە پاش نیوەڕۆ هەتاوەکو شەو لەپێناو خوای گەورە ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بێت؛ ئەمە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2967